## بەشی یەکەم

## پێناسە و ئامانجەکان

### ماددەی یەکەم: پێناسە

مەبەست لەو دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

**یەکەم:** هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

**دووەم:** وەزارەت: وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

**سێیەم:** وەزیر: وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

**چوارەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی: بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارستان و پاوان.

**پێنجەم:** بەڕێوبەرایەتی: بەڕێوبەرایەتی پارکی نیشتیمانی.

**شەشەم:** تۆمار: دەفتەرێکی تایبەت بە تۆمارکردنی ئەو نەمامانەی دەروێندرێن.

**حەوتەم:** ناسنامە: لەشێوەی تابلۆیەکدایە دادەنرێت بۆ ئەو نەمامانەی دەروێندرێن.

### ماددەی دووەم: ئامانج

١- زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی و بەرزکردنەوەی بۆ ئاستی ستانداری جیهانی.
٢- بەنەریت کردنی چاندنی نەمام و بایەخ پێدانی لەلایەن هاوڵاتیان.
٣- کەمکردنەوەی گازە زیان بەخشەکان و زۆربونی ڕێژەی ئۆکسجین.

## بەشی دووەم

### ماددەی سێیەم:

**یەکەم:** وەزارەت هەڵدەسن بەتەرخانکردنی پارچە زەوی بەمەبەستی دروستکردنی پارکی نیشتیمانی، لە سنوری پارێزگاکان و قەزاکان و ناحیەکان.

١- بۆهەر پارێزگایەك زیاتر لە(٥٠٠)دۆنم زەوی تەرخان دەکەن.
٢- بۆهەر قەزایەك زیاتر لە(٣٠٠)دۆنم زەوی تەرخان دەکەن.
٣- بۆهەر ناحیەیەك زیاتر لە(٢٠٠)دۆنم زەوی تەرخان دەکەن.

**دووەم:** وەزارەت هەڵدەسن بەئامادەکردنی نەخشە و دیزاینی پارکان.

**سێیەم:** وەزارەت هەڵدەسن بەدامەزراندنی بەڕێوبەرایەتیەك بەناوی (بەڕێوەبەرایەتی پارکی نیشتیمانی)کەلە کارمەندانی کارگێڕی و ئەندازیارانی کشتوکاڵی و هیتر.. پێك دێت.

**چوارەم:** وەزارەتی دارایی و ئابوری هەڵدەسن بە تەرخانکردنی بودجەی پێویست بۆ دروستکردنی پارکەکان و ئیدارەدانی.

## بەشی سێیەم
## چاندن

**ماددەی چوارەم:**

١- ئەو کەسانەی منداڵیان لەدایك دەبێ.
٢- ئەوکەسانەی پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام دەدەن.
٣- ئەو کەسانەی لە زانکۆ و پەیمانگاکان خوێندن تەواو دەکەن.
٤- ئەو کۆمپانیا و کەسانەی ئۆتۆمبێل و ماتۆڕ سکیل هاوردەی کوردستان دەکەن.
٥- ئەو کەس و کارگە و لایەنانەی بەپێی یاسا کارپێ کراوەکانی تر ناچاردەکرێن نەمام بڕوێنن.
٦- ئەو ڕێکخراو و لایەنانەی لە بۆنە نیشتیمانی و ئاینی و کۆمەلأیەتی و جیهانیەکان نەمام دەڕوێنن.

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکەم:** ئەو کەس و لایەنانەی لە ماددەی چوارەمی ئەم یاسایەدا لە خالًی یەکەم تا شەشەم ئاماژەی پێدراوە تەنها یەك نەمام دەڕوێنن.

**دووەم:** ئەو کەسانەی لە ماددەی چوارەمی ئەم یاسایەدا لە خالًی شەشەم ئاماژەی پێدراوە، ئارەزومەندانە نەمام دەڕوێنن و ناچاری نیە.

## بەشی چوارەم

**ماددەی شەشەم: بەڕێوبەرایەتی پارکی نیشتیمانی هەڵدەسن بە:**

**یەکەم:** پاراستن و ئاودانی نەمامەکان.

**دووەم:** تۆمارکردنی ناوی ئەو کەس و لایەنانەی نەمامەکە دەڕوێنێ.

**سێیەم:** پێدانی ناسنامە بەنەمامەکە کە(جۆری نەمامەکە و ناوی کەس یان لایەنەکە و ڕۆژی چاندن)ی دیاری بکرێ.

**چوارەم:** پێدانی نوسراوی ڕێگەپێدان بۆ ئەو شوێنە حکومییەی، کەسەکە یان لایەنەکەی ناچارکردووە نەمامەکە بڕوێنێ.

## بەشی پێنجەم

**ماددەی حەوتەم:**

ڕۆژی(١٢/٥) وەك ڕۆژی چاندنی نەمام لەهەرێمی کوردستان – عێراق دیاری دەکرێت.



K.N.O

## بەشی شەشەم

**ماددەی هەشتەم:**

ئەو کەس و لایەنانەی لەدەقی ئەم یاسایەدا ناویان هاتووە هیچ مامەڵەیەکیان بۆ تەواو ناکرێت، تا نوسراوی ڕێگەپێدان لە بەڕێوبەرایەتی پارکەکەوە وەردەگرن و ئاراستەی لایەنی داواکاری دەکەن.

## بەشی حەوتەم

## حوکمە کۆتایەکان

**ماددەی نۆیەم:**

وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ جێ بە جێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی دەیەم:**

کار بەهیچ دەقێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی پانزەیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**ماددەی دوانزەیەم:**

ئەم یاسایە لەمێژوی بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی(وەقائعی کوردستان)دا جێ بە جێ دەکرێ.

## هۆکارە پێویستیەکانی

## دەرچواندنی ئەم یاسایە

زۆر بونی ژمارەی دانیشتوان و یەکەی نیشتەجێ بون. کەمی ڕێژەی سەوزایی لە شار و شارۆچکەکان و نەگەیشتنی بە ئاستی ستاندارادی جیهانی. ئەو زیانانەی بەر ڕوبەرەسەوزاییەکان کەوتون بەهۆی ئاگر و بەتایبەت بەهۆی قەیرانی دارایی. نەبونی هەستی بەرپرسیارێتی بەرامبەر پاراستن و گرنگیدان بە ژینگە و سروشتی کوردستان لای تاك. ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

K.N.O